


٢١٣
لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

# هەولێرێکی ئارام و گەشاوەتر

٧٦

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان

**کێشەی کەمی ئاوی پاکژ لەسەر ئاست پارێزگای هەولێر بەگشت قەزا و ناحیەکانییەوە تا ئاستێکی بەرز چارەسەر کراون و حساب بۆ پێویستییەکانی فراوانبوونی ئایندەیی ئەو شار و شارۆچکانەش کراوە**

**تا ئێستا(٢٨٩٦٣٥٠) دوو ملیۆن و هەشت سەد و نەوەد و شەش هەزارو سێ سەد و پەنجا مەتری دووجا تۆڕی ئاو لەسەر ئاستی سەرجەم پارێزگای هەولێر راکێشراوە کە ئاوی پاکژی بە هەمووی دانیشتووانی پارێزگاکە گەیاندووە**



٢١٣

ليستی پارتی ديموكراتی كوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق




ليستی پارتی بۆ هەميشە لە پێناو برەودان بە پێشكەوتن و بەدی هێنانی سەقامگيری و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵكی كوردستان، كار دەكات لە هەموار كردنی ژيانێكی ئارام و خۆش بۆ سەرتاپای خەڵكی كوردستان، لە گرنگترين پرۆژە و كار و چالاكييەكانی پارتيدا كردنی گشـت شـار و شارۆچكەكانی كوردستانە، بە ئامانجی پێشخستن و جوانتر و رازاوەتر كردنی سيمای جوانی شار، ئەوەش چەندين پرۆژەی خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی لە خۆ دەگرێ و لە كارنامەی ليسـتی (٧٦)ی پارتی ديموكراتی كوردستان دايە، ئەو ليستە وەك خەمخۆری هاووڵاتيان تا لە ژيانێكی شـكۆمەندانە و پڕ سـەروەری و ئارامدا ژيان بەسـەر ببەن، بێجگە لە پەيرەو كردنی سـيمبولی پێكەوە ژيان بۆ گشـت چين و توێژەكانی كۆمەڵگای كوردی، هەر بۆيە لە كردنەوە و دانانی سـەدەها پرۆژە و چالاكی جێگەی بەختەوەری خەڵكدا دەسـتە وەستان نەبووە، دەبينين كە جوانی شار و شارۆچكەكان رەنگدانەوەی كار و چالاكييەكانی پارتييە، لەبەرچاوە كە سەدەها هەنگاو بۆ بەديهێنانی ژيانێكی سەقامگير بۆ خەڵكی كوردستان. ئەنجامی پێشكەوتنی ئەو هەنگاوانەش لە سـيمای جوانی شـاری هەولێردا دەبينرێ وەك: دانانی چەندين پەيكـەری جۆراوجۆر، گوڵدانەكانی سەرشەقام و رازاوەكردنی هەموو بەشێكی شارەكانی كوردستان، هەروەها كردنەوەی هۆڵی ياری جۆراوجۆر، لەوانە (ئايس هۆڵ و گۆڵف و بۆلينگ چەندانی ديكە)، خۆشـحاڵی و ئامادەيی خەڵكی كوردسـتان

٧٦

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان

## تا ئێستا (٣٦٦) پارک و باخچە و ناوچەی سەوزایی لە سنووری پارێزگای هەولێردا دروست کراون



## (٢٣٢) یاریگا منداڵان لە شوێنە گشتییەکان باخچەی گەڕەکەکاندا داندراون



## (٨٦)کم لە ناوەندی شەقامەکاندا کراونەتە فریز و گوڵ و گوڵزار و بە بەردەوامی ئاو دەدرێن و خزمەت دەکرێن







٧٦

**لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان**
**بۆهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان**



## زەوی و زاری پێویست بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان و گەشتیار و کارگەکان و پیشەوەران دابین کراوە

## خاوێنکردنەوەی شارەکان و فڕێدانی خۆڵ و خاشاک لە ئێستادا بە سیستمێکی نوێ بەڕێوە دەچێت و ئاکامەکەشی بە خاوێنی شەقام و گەڕەکەکانەوە دیارە

لە چەندیـــن کەژاوەی رۆژانـــەی هاووڵاتیانە کە لەسەر شەقامەکاندا بە ئۆتۆمبێلە رەنگکراوەکانیان ئاهەنگ و خۆشـــی و پاڵپشتی خۆیان بۆ لیستی (٧٦) ئەنجومەنی پارێزگاکان و لیستی (٢١٣) بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا دووپات دەکەنەوە. بە رێکەوت چاومان بە کەژاوەیەکی بچکۆلانە کەوت، جیـــاواز لەگەڵ کەژاوەی گەورەی ئۆتۆمبێل و بە کۆمەڵدا، کەچی ئەو کەژاوە خنجیلانەیە بە پایسکل و مۆتۆرســـکێلی منداڵانە بوو، کۆمەڵە منداڵ و مێر منداڵێکی خوێن شیرین و بە جۆشەوە بە ئاڵای زەردی پارتـــی و وێنەی باوکـــی نەتەوەیی کورد (مستەفا بارزانی) و سەرۆکی خۆشەویست (کاك مسعود)یان بەرز کردبۆوە بە دەستیان، هەندێکیشیان بە پایســـکلەکانیاوە بەســـتبوویان. کە لێیان نزیك بوومەوە، گوتم ئەوە چی دەکەن ؟ یەکێکیان گوتیـ خاڵە کاك (مســـعود)مان خۆشـــدەوێ، هەموومان پارتین ! دواتر لێمان پرسین کە کێ گوتویەتی ئەو کارە بکەن؟ ئەوانیش بە خۆشیەوە گوتیان: کەس بە ئێمەی نەگوتووە و پێشتریش ئەو کارەمان کردووە.